# له (تەمی سەرخەرەند)دا چیمان پێدەڵێی؟

## نامەیەك بۆ شێرزاد حەسەن

**محەمەد کوردۆ**



کازانزاکی دەڵێت:

جارێکیان ژنێکی دراوسێمان بە دایکمی وت: ئەم کوڕەی تۆ هەمیشە تەماشای ئاسمان دەکات، پێدەچێ کەسێکی غەیبزانی لێدەربچێت! دایکم وتی: نا نا دڵنیابە ڕۆژگار سەرنجەکانی پێخوار دەکاتەوە!

بەڕێزم (تەمی سەرخەرەند)م خوێندەوە، بەڵام من وەك ئەو خوێنەرەی کە وتت یەخەی گرتووم، پێت ناڵێم: بۆچی ناهێڵی ئەو دوو مناڵە قوڕبەسەرە بۆیەك ببن؟!

چونکە دەزانم تۆ ناتەوێ وەکو حیکایەتەکەی نەنکت بە درۆیەکی گەورە ڕێی پاڵەوانەکەت گوڵڕێژ بکەیتو یەکەمین کەسێك کە بینێریتە پیرییەوەو بە شانازییەوە ماچی بکا، خانمە چکۆڵەی دولبەری بێت.

من دەزانم ئەوە تۆ نیت ناهێڵی ئەو دوومناڵە قوڕ بەسەرە بۆ یەك ببن، ئەوە ئەو کۆمەڵگایەیە کە وەك چۆن ڕێگا نادا سەرەتای خۆشەویستیو پەیوەندییەکان ئاساییو سروشتی بێت. ڕێگەش نادات کۆتایی ئەو خۆشەویستیو پەیوەندییانە ئاساییو سروشتی بێت، من دەزانم تۆ ناتەوێ لە ناو دۆزەخێکدا کە بۆنی گۆشتو ئێسقان ئاسمانیشی پڕ کردووە دوو چاری وەهمی بەهەشتێکمان بکەیت کە پڕە لە بۆنی گوڵو گوڵزار، بەڵکو تۆ دەتوێ وامان لێبکەیت باشتر هەست بەو دۆزەخە بکەینو ڕوونتر گڕو کڵپەو دووکەڵەکەی ببینین، کە ئەمەش بۆخۆی یەك لەخاڵە هەرە جەوهەرییەکانی نووسینە، چونکە شتێك کە نەیناسین چۆن دەتوانین بیکوژین، یان بیگۆڕین؟!

بەڕێزم! من دەمەوێ پێت بڵێم تۆ لەم کارەتدا زۆر جوان ئیشت لەسەر کاریگەری حیکایەتەکان لەسەر مرۆڤ کردووە، کە زۆری لە نەنکە پیرەکانماندا بەرجەستە دەبن، ئەو نەنکانەی زۆر جار (عیشقێکی دۆڕاو وایان لێدەکات بە چێژو تاسوقێکی زۆرەوە حیکایەتەکانی عیشقو ئەوین بە ڕەوانیو وەك دەفتەر لە سینگیاندا هەڵبگرن).

ئەو نەنکانەی بە حیکایەتەکانیان پڕمان دەکەن لە خەونی بە پێغەمبەربوونو بە فەرهادبوونو بە پاڵەوانبوونو بە قسەو ئامۆژگارییەکانیشیان بە تاڵمان دەکەنەوە لەو خەونانەو بەم شێوەیە دووچاری دنیایەکی نارێكو پڕ لە پارادۆکسو دوو فاقیمان دەکەن.

ئەوەتا نەنکی پاڵەوانەکەمان دوای ئەوەی لە ڕێگای حیکایەتە خۆشەکانیەوە خەونی بە فەرهادبوون لە پاڵەوانەکەماندا سەوز دەکاتو وایلێدەکات بڵێ: (منیش بە قەد فەرهادی ناو حیکایەتەکەی تۆ شیرینم خۆشدەوێو دەشتوانم وەك ئەو بێستون کون بکەم)، پێی دەڵێت:

(ڕۆڵە شیرینەکەم تۆ زۆر لەوە چکۆڵەتری خۆت بە فەرهاد بزانیت)، ئەم قسانە ئەگەرچی بەبەرائەتەوە دەکرێن، وەلی لەو بەردانە دەچن —کە وەکو سوهرابی سپێهری دەڵێت- ئێمە بە گاڵتە دەمانگرتنە بۆقەکان، بەڵام ئەوان بە ڕاستی دەمردن!

تۆ لەم کارەتدا جگە لەوەی پشتت لە جنس کردووەوەو ڕووت کردۆتە عەشقێکی پاکیزەیی، گەمەی (کوشتنی باوك)یشت بە شێوازێکی جوانو جیاواز لە جارەکانی دی، بەرجەستە کردووە.

لە میاندا لە یەك دوو دەستەواژەی تێژتێپەڕدا وێنەیەکی ناشیرینی باوکمان دەدەیتێ:

(باوکم بۆ مەرگی بەرخەکەی گریا کەچی بۆ نەخۆشیو سەفەری من نەگریا، باوکم دەیوت حەیفە لە من بووە، باوکم فەلاقەی دەکردم، باوکم لە هیچە کەلەیی دەبوو بە شەپازلە دەمو لووتی لە خۆڵی ڕێگاکە دەچەقاندم).. ئەم وێنانەی باوکمان دەدەیتێو ئیدی دەیکوژی، وەلی کوشتن بە مانا باوەکەی نا، بەڵکو بەو مانایەی کە ئیتر فەرامۆشی دەکەیتو لە مەملەکەتی ڕۆمانەکەت دەیهاویتە دەرەوە!

تۆ دەتەوێ لەم ڕێگەیەوە پێمانبڵێی: پێویستە کوشتنی ڕاستەقینەی باوکە ناشیرینەکان لە کتێبەکانەوە دەستپێبکەین، چونکە مانەوە بۆ ژیانی پڕ لە ژاوەژاوی سەر زەوی نییە، مانەوە بۆ دنیای نێو کتێبەکانە.

ئەگەر ئێمە لەدەرەوە باوکە ناشیرینەکانمان کوشتو لە نێو کتێبەکاندا وازمان لێهێنان بژینو بمێننەوەو درێژە بە بڵاوکردنەوەی ناشیرینەکانی خۆیان بدەنو بەسەر ئێمەو نەوەکانی دوای ئێمەدا بیسەپێنن، یانی هیچمان نەکرد.

بەلای منەوە ئەم گواستنەوەی کوشتنی باوکە لە دەرەوە بۆ نێو کتێبەکان یەکێك لەگەمە جوانەکانی ئەم رۆمانەت بوو.

تۆ لەم کارەتدا کە بەردەوام لە رێگای نەنکەوە بە فەرهاد دەڵێی شیرینی خۆت دەدۆزیتەوەو لە ئاکامیشدا نایدۆزیتەوە،

پێمان دەڵێی:

لەم کۆمەڵگایانەی ئێمەدا شیرینەکانی خۆمان کە لە بەردەستماندان دەکوژرێن‌و بە هیوای شیرین گەلێکی دیکەمان دەکەن کە هەرگیز نایەن!

خۆرە هەڵهاتووەکانمان ئاوا دەکەن‌و ئەو چێژو خۆشی‌و بەختەوەرییەمان لێتێکدەدەن کە لەو خۆرەوە پێمان دەگات‌و دەمانخەنە نێو چاوەڕوانی مانگێکەوە کە هەرگیز هەڵنایەت.

دووچاری چاوەڕوانییەکی کوشندەمان دەکەن‌و لەدوا ئاکامیشدا گاڵتەمان پێدەکەن.

ئاخۆ هۆکاری ئەوەی کە هەمیشەو بەردەوام ئێمە چاوەڕوانی شتێکین‌و نایەت ئەو نەفرەتەی ئەم کۆمەڵگا نەخۆشانە نییە؟

پێمان دەڵێی: زۆرینەمان مەحکومین بەوەی منالگەلێکی دەرکراوبین لە دنیاو کەس فرمێسکەکانمان نەبینێ‌و کۆڵانەکانیش خیانەتمان لێبکەن‌و هیچیان نەمانبەنەوە بەر دەرگای ماڵی دڵدارەکانمان!

پێماندەڵێی: ئێمە بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتاکانی ئەم کۆمەڵگا نەخۆشە بە جەستەماندا، ژیانێك دەگوزەرێنیین کە ئەگەر دواجار ئاوڕێکی وردی لێبدەینەوە جگە لە هەندێ سەرکێشیکردنی خەفەکراوو هەندێك خەونی کوێرکراوو چەندین شکست‌و نەهامەتی‌و گریان‌و چاوەڕوانی کەڵەکەبوو بەولاوە، شتێکی ئەوتۆی تێدا نابینین.

لەوانەش گرنگتر پێمان دەڵێی:

دەبێ ئیدی لەو وەهمە رزگاربین کە پێمان وابێ تەنها رەمزە گەورەکان دەتوانن ئیحای یاخی بوونمان بدەنێ، بەڵکو دەشێ (بزنێکی شێت!!) فێرمان بکات لە راستە رێیەکان لابدەین‌و بێباك‌و کەللەشەق بین‌و شەرم لە هیچ شوانێك نەکەین‌و چڵە گیا حەرامەکان بخۆین!

دەبێ ئیدی لەو وەهمە دەربازبین کە پێمان وابێ تەنها لە رێگای پاڵەوان‌و کێشەو دۆزی گەورەوە دەتوانین دەقی جوان بخوڵقێنین، بەڵکو دەشێ غەمگینترین منالی کۆلانە خۆڵاوییەکانی دنیا پاڵەوانی رۆمانەکانمان بێت!!